# سەرنجڕاكێشیی رەنگی زەردو زێڕی بۆ قژ



زۆربەی ئافرەتان حەزو خولیایان لەگۆڕینی رەنگی قژیان هەیە، تەنانەت ماوە ماوە رەنگی پرچیان دەگۆڕن تا مۆد و ستایلێكی تازەیان لە ئارایشت و رەنگی قژیان بۆ بەدی بێت، ئەوانەی زیاتر حەز بە رەنگی زەرد و زێڕی بۆ پرچیان دەكەن، پێویستە مۆدو شێوازەكانی ئەو رەنگە بزانن بۆ ئەنجامدانی گۆڕینی رەنگی قژیان كە چەند نموونەیەكی دەخەینەڕوو. ئەو رەنگانەی كە زیاتر باون و مۆدی ئارایشتیان سەرنجڕاكێشە، بریتییە لە رەنگی زێڕی و زەرد، كە ئەو رەنگە بۆ شوێنی دەوام و زانكۆ و تەنانەت دەرەوەش گونجاوە، بۆ ئەو كچانەی كە حەز بە هایلاتی رەنگی زەردی تێكەڵ بە رەنگی رەساسی دەكەن، هەروەها دەتوانن بۆیەكانی (ئۆمبری)، تایبەت بە رەنگكردنی تاڵەكان و كەزی پرچ بەكار بێنن، واتە بەشی كۆتایی پرچ لە رەنگێك بێت، یان تێكەڵكردنی دوو رەنگی جۆراوجۆر وەك ستایلی (بێرگندی) لەگەڵ زەرد، یان قاوەیی لەگەڵ رەنگی هەنگوینی، بۆ ئەو ئافرەتانەی حەز بە سادەیی لە رەنگی قژیان دەكەن، دەتوانن رەنگی پرچیان لە رەنگێك بێت، یان بۆیەی قاوەیی كراوە بەرەو رەنگی زێڕی مۆدێكی نایاب دەبێت بۆیان. گرنگە بزانن كە نمرەی رەنگی زەرد بۆ پرچ، جیاوازە لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی دیكە، ئەوەش بە پێی رەنگی پێستی ئەو كەسەیە، بۆیە پێویستە ژمارەی رەنگەكە لەگەڵ رەنگی پێست هاوتا بكرێت و پاشان رەنگە زەردەكە هەڵبژێردرێت.



# ڕەنگی شین بۆ جلی زستانە

بەهۆی ئەوەی لە وەرزی سەرما و سۆڵەدا، گۆڕانكاری بەسەر ڕەنگ و شێوازی ماكیاژدا دێ، هەمان حاڵەتیش بۆ جلەكانیش دروستە، كاتێك لەو وەرزەدا گۆڕانكاری لە ڕەنگی جلەكانت دەكەیت، شێوازێكی تازە و شیك لە مۆدی جلەكەت بەدی دەكەیت، چەندین ڕەنگ لە وەرزی زستانەدا باو دەبن، وەك: ڕەساسی، قاوەیی، ڕەش، شین. هەر ڕەنگێك بۆ شوێن و كاتێك دەپۆشرێن، سەبارەت بە ڕەنگی ڕەساسی بۆ كاتی دەوام و زانكۆ، قاوەیی بۆ دەرچوون و گەشت، ڕەشیش دەتوانی بۆ ماڵ و بازاڕكردن لەبەر بكەیت، بەڵام ڕەنگی شین بۆ بۆنەو یادو دەرچوون و گەشتیش دەگونجێت، چونكە ڕەنگێكە ڕەنگدانەوەو بریقەی هەیە، لە وەرزی زستانیشدا ڕەنگەكان ئەوەندە كاریگەرییان نابێت، هەر بۆیە ڕەنگی شین لوتكەی جلی زستانە دەبێت، بۆ ئامادەكردنی جلێكی شیك لە ڕەنگی شین لە وەرزی سەرما و سۆڵەدا، دەتوانی ئەو ستایلانە دروست بكەیت:
كراسێكی درێژی شین تا سەر چۆك، یان كورت لەگەڵ جینز لەبەر بكەیت، هەورەها دەتوانی تەنوورەی شین بكەیتە مۆدی سەرەكیی جلەكەت، لەلایەكی دیكەوە جینزەكان هەمیشە لە ڕەنگی شینن، ئەوانە هەر بۆخۆیان مۆدی تایبەتیان هەیە، بۆ جلی سەرەوەش دەتوانی بلووزو چاكێت و كراسی شینیش لەبەر بكەیت، هەم گەرم و هەمیش ڕەنگێكی سەرنجڕاكێشە.




# ڕەنگە باوەكانی بۆیەو سووراوی نینۆك لە وەرزی سەرما

دەستەكانت هێمای سەرنجڕاكێشی و جوانیتە، گوزارشت لە لێهاتوویی و كارامەییت دەكەن، بۆ گرنگیدان بە نینۆكەكانت، تەنیا (فڵچەیەكی بچووك و بۆیە و ئەسیتۆن)ت پێویستە، بەڵام گرنگە ئەو شێوازە نایابە لە نینۆكت بدەیت كە دەبێتە جێی سەرنجی هەمووان، تا هەموو بڵێن مەناكێری نینۆكت وەك تابلۆیەك وایە، چەندین مۆدی نینۆك لە وەرزی زستانەدا باون، كە ئەوانەن:
ئەوانەی نینۆك درێژن وا جوانە زیاتر نەخش و ڕەنگی نینۆكەكانیان لە ڕەنگی سپی بێت، هەروەها دەتوانن



بەشی لای ژوورەوەی نینۆكیان لە ڕەنگێك بێت و دواتر بە ڕەنگی سپی تەواوی بكەن. ئەوانەی حەز بە ڕەنگی زێڕ و گۆڵد دەكەن، دەتوانن بەشێكی نینۆكیان سوور بێت و بەشی دواتر گۆڵد بێت، ئەمەش دوای ئەوەی سوورەكە لێدەدەن، پاشان بریقەداری بكەن، دواتر نیو مانگێكی زێڕینە لە بەشی خوارەوەی نینۆكتان بدەن، بۆ ئەوانەی حەزیان بە شێوازی چڕیشە، دەتوانن مۆدی هاوشێوەی قەیتانی پێڵاو كە نەخشێكی دوو ڕەنگە بۆ نینۆكەكانیان بكەن، مۆدێكی دیكەش كە زۆر باوە ئەویش خاڵی سوورە، ئەمەش لە شێوەی دەنكە سووری نێو نینۆكەكانە، بە مەرجێك ڕەنگی سەرەكی، یان ژێرەوە لە ڕەنگێكی سوور نزیك بێت. بۆ ئەوانەی حەز بە هێڵكاری دەكەن، دەتوانن هێڵیكی لار، یان هێڵیكی ڕاست بە نێو ئاراستەی نینۆك چ بە شێوەی ستوونی بۆ ئاراستەی دەست، یان ئاسۆیی لە نێو نینۆكەكانیان بنەخشێنن، هەروەها دەتوانن ڕەنگی سەرەكی نینۆكتان لە ڕەنگی سپی، یان ڕەش بێت، ناوەڕاستی نینۆكیش بە نەخش و دیزاینێكی دیكە و لە ڕەنگێكی دیكە بێت.

# ڕووبـــاری ڕەنگـــدار!



هەمیشە دەبینین کە ڕووبارەکان بە ڕەنگی ژێر ئاوی لەبەر تیشکی خۆر دەبریسکێنەوەو ناوەوەی ڕووبارەکە بە ڕوونی دەبینرێت، جار جارەش بەهۆی ڕەنگدانەوەی ناوەوەی ئاوی ڕووبارەکە، یان تێکەڵ بوونی بۆیەو کەرەستە، دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕەنگی ڕووبار، بەڵام ئەو ڕووبارە لە سرووشتەوە هەمەڕەنگەو تەنیا ڕەنگی ئاوی نییە، بەڵکو (٥) ڕەنگە، ئەو ڕووبارە ناوی (ریۆ کانۆ کاستێلس) یان ڕووباری (٥) ڕەنگەو دەکەوێتە ناوچەی سیرانیا دیلا ماکاریکا لە وڵاتی کۆلۆمبیا لە کیشوەری ئەمریکای باشوور، درێژی ڕووبارەکە دەگاتە (١٠٠) کیلۆمەتر، پانییەکەشی کەمترە لە (٢٠) مەتر، بەهۆی بوونی چەند ڕووەکێك بەناوی (ماکارینا کلاڤێگرا - Macarenia clavigera)، ئەو ڕووەکانە دەبنە هۆی ڕەنگدانەوەی تیشکی خۆر بەمەش چەندین ڕەنگی جۆراوجۆر دەردەکەون، تیشکی خۆر دەشکێ و دەبێتە (٥) ڕەنگ، بۆیە بە ڕووباری پێنج ڕەنگ ناسراوە.





## نمایشی ئاسم

ساڵانە فیستیڤاڵێکی نمایشی ئاسمانیی ئۆتۆمبێل دەکرێتەوە، کە سەرەڕای ئەوەی ئۆتۆمبێلەکانی نمایش هەڵدەواسرێن، دواجار لە نمایشێکی سەیردا زۆربەی ئۆتۆمبێلەکان لەئاسماندا دەبینرێن، ئەوەش بەهۆی دانانی ئەو تەڵبەندە ئاسنینە بەرزانەوەیە کە لە شێوەی لار دانراون، بیرۆکەی ئەو جۆرە نمایشە لەلایەن کەسێکی بەریتانی بەناوی (جێری جۆدوود) بووە، فیستیڤاڵەکەش بە ناوی (جۆدوود)ـەی ئۆتۆمبێلە

## دایکێک کچەکەی دەکاتە پەپوولەو پاڵەوان

هەست و سۆزی دایك بۆ منداڵەکانی لەهەموو ڕوویێکەوە بێ سنوورەو ئەوەی لەدەستی دێت بۆ دڵخۆشی منداڵەکانی دەیکات. ئەو کچە بچووکە کە ناوی (ئانا)یەو تووشی نەخۆشی (هێرشبرۆنگ) بووەو دەستێکی بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە دەبڕدرێتەوە، دوای ساڵێك لەو حاڵەتە، هەست بە لەدەستدانی دەستی دەکات و لە دایکی دەپرسێت: ئاخۆ دەستم بۆ بڕاوەتەوە؟ دایکیشی کە ئافرەتێکە ناوی (لیزا هۆلۆوای) یەو لە ویلایەتی مشیگانی ئەمریکی دەژی، لە بری وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کچەکەی، خۆی و کچەکەی بۆ چەندین شوێنی سەیر و دڵڕەفێن دەبات، تا وێنەی جوان و ناوازەی کچەکەی بگرێت، دوای ئەوەی چەندین وێنەی کچەکەی بە شێوەیەکی خەیاڵی و ناوازە دەگرێت، کە بووە جێگەی سەرنجی زۆربەی وێنەگران و پسپۆڕانی بواری وێنەگرتن، دواتر وێنە جوانەکانی ئەو ئافرەتە بەشداری لە پێشبڕکێی ساڵانەی وێنەی کردو پلەی یەکەمیشی بەدەستهێنا، بەم جۆرە کچەکەی نەبوونی دەستێکی لەبیر کردو دایکەکەشی بەناوبانگ کرد.

## ماوکلی ڕاستەقینەی نێو دارستان



جاران فیلمەکانی تەڕەزان و پاشان دەرکەوتنی ماوکلی، کە هەر یەکە پاڵەوانێك بوون و لە نێو جەنگەڵستاندا لەگەڵ ئاژەڵ و گیانداران دەژیان، وەك ڕۆمان و چیرۆك و داستان بوون، بەڵام ئەو داستانە ئەمڕۆ بۆتە ڕاستەقینە و تەڕەزانی کچ و ماوکلی دەرکەوت. ئەو کچە بچووکە ناوی (تیبی تێگری )یە، هەر لە منداڵییەوە لەلایەن دایك و باوکییەوە ڕەوانەی نێو هۆزێکی نێو دارستانەکانی باشووری ئەفریقیا کراوە، تا ماوەی (٢) ساڵ لەوێ بمێنێتەوە، دایکی ئەو کچە کە وێنەگرەو ناوی (سیڵڤی ڕۆبێرت) و باوکیشی ناوی (ئالان دیگری )یە، تەمەنی کچەکەیان (١٠) ساڵە، دوای ئەوەی ئەو تاقیکردنەوەی بەسەردا هات و دواجار لەگەڵ هۆزەکانی نێو دارستان دۆزرایەوە، ئەوەی سەیر بێت، تیبی وەك هاوڕێ و دۆستی گیانداران و ئاژەڵانە، بەمەش دەبێتە یەکەمین منداڵ کە لەنێو دارستاندا ژیان بەسەر ببات و ببێتە هاوەڵی ئاژەڵان.





## ـــــانیی ئۆتۆمبێل

خێراکانەو هەموو ساڵێك لە شاری (ساسکس)ی بەریتانی دەکرێت، دواجار نمایشی بەرزکردنەوەی ئۆتۆمبێلەکان بۆ (٢٦) مەتر ئەنجام درا، کە ئۆتۆمبێلێکی جۆری مەرسیدیس بێنز توانی ئەو بەرزاییە ببڕێت، شوێنی پێشبڕکێیەکە لە زەوییەوە بەرەو ئاسمانە بە گۆشەی (٩٠) پلەوە، لەو فیستیڤاڵەدا (١٢٠) ئۆتۆمبێل بەشدار دەبن و کامەی زیاتر بەرز ببێتەوە، خەڵاتی فیستیڤاڵەکە وەردەگرێت.





# جوانترین یاری ئاگرینی سەری ساڵ

سالآنە لەگەڵ هاتنی ساڵی تازەوە، سەراپای وڵاتانی جیهان، ئاهەنگی ئەو ڕۆژە لە سەرەتای چرکەساتی درەنگانی شەو دەگێڕن، هەر یەکە بەپێی شێواز و ئامادەکاری ئەو ساڵە بۆ ئەو شەوە، شارەکانی وڵاتەکەیان بە جوانترین ڕووناکی و داری کریسمس و دیکۆر و دیزاینی ڕەنگاوڕەنگ دەڕازێننەوە، هەروەها شوێنێکیش تەرخان دەکرێت بۆ کردنەوەی یاری ئاگرینەکان (Fireworks)، وەك نەریتێکی باو لە هەموو وڵاتێکدا لەگەڵ هاتنە خوارەوەی ژماردنی (١٠) بۆ (١) دەست بە نمایشکردنی ئەو یارییە ئاگرینانە دەکرێت، بەهۆی ئەو ڕەوشە نا لەبارەی کوردستان و شەڕی تیرۆریستان و شەهیدانی ئەو کۆمەڵە پێشمەرگەیە، لە کوردستان بە شێوەیەکی گشتی یاریی ئاگرین نمایش نەکرا، وەك ڕێزێك بۆ کەسوکاری ئەو شەهیدانەی لە پێناو کوردستان خۆیان بەخت کرد، لە وڵاتانی جیهانیش بەپێی پێگەی جوگرافی یەکەمین وڵات (نیوزیلەندا) بوو کە سەری ساڵی تازەی کردەوە، دوا وڵاتیش کەنەدایە کە دەکەوێتە کیشوەری ئەمریکا، بەڵام جوانترین یارییە ئاگرینەکانی وڵاتانی جیهان، شەوی سەری ساڵی وڵاتی ئوستراڵیا بوو، کە نمایشەکەیان لە شێوەی شەپۆڵ بوو، شوێنی کردنەوەی یاری ئاگرینی گشتی لەسەر پردی (هاربۆر) و (ئۆپێرا هاوس) بوو، نمایشەکە جوانترین و سەرنجڕاکێشترین بوو، ماوەکەشی (١٢) خولەك بوو، بە میوزیك و گۆرانییەکانی (پرینیس ئەند دەیڤەد بۆوی) نمایشەکە ئەنجام درا، دووەمین جوانترین یاری ئاگرینی، نمایشی سەری ساڵی وڵاتی بەریتانیا کە لە شاری لەندەن نزیك کاتژمێری بێگ بین سازکرا، سێیەمین جوانترین یاری ئاگرینیش بەر وڵاتی چین کەوت کە لە شاری هۆنگ کۆنگ ئاسمانی ئەو وڵاتەی پێی ڕازێنرایەوە.




### کاوڕ

کەسێکی لێهاتووی و پێویستە بڕوات بە داهاتووت هەبێت، ماوەیەکە کێشەت هەیە، بەڵام چارەسەریان نزیکە، بەشێوەیەکی گشتی هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت و لە ڕۆژانی داهاتوودا یەکێك لەخەونەکانت دەبێتە ڕاستی کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی دەکەیت.



### گا

خەمی داهاتووت نەبێت و کەسێك هاوکاری تەواوت دەکات. بڕوات بە خۆت هەبێت. دەبێت بەشێوەیەکی بەردەوام و باشتر هەوڵ بدەی بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش متمانە بە تواناکانت بکەن، خۆشەویستەکەت ئەم ماوەیە کاتی نییە وەك جاران قسەت لەگەڵ بکات.




### جمک

بڕیارەکانت لەجێی خۆیانن و وەك هەوڵدەدەی ببیتە خاوەن ئەزموون لەکارەکانتدا، بۆیە کاری هاوبەش بکەو بڕیاری خێرا مەدە و باش بیربکەوە، بۆ ئەوەی کاریگەری نەرێنی دروست نەکات و دواتر هەست بکەی کە هەڵەیەکی گەورەت کردووە. لەئایندەیەکی نزیکدا باری داراییت باشتر دەبێت.



### قرژاڵ

متمانەی خۆت لە دەست مەدە و هەمیشە کارەکانت بە جوانی بەڕێ بکە. ئەگەر دەتەوێت پێوەندی سۆزداری و خۆشەویستیی نێوان خۆت و نزیکترین کەست بەردەوام بێت، دەبێت ڕێز لە هەست و سۆزی بگریت و ئازادییەکانی سنووردار نەکەیت.



### شێر

هەوڵی خۆت بۆ هەنگاوەکانت داوە و ئیدی چاوەڕێی ئەنجامەکانت بکە. ڕێگا مەدە قسەی خەڵك کاریگەرییەکی زۆرت لەسەر دروست بکات، ئەگەر پێتوایە کارێکی باش ئەنجام دەدەیت و زیانی بۆ کەس نییە، ئەوا پێویست ناکات ڕای ئەو کەسانە وەربگریت.



### گوڵەگەنم

هەر کاتێك ویستێکت لەدڵ بوو، پێویست ناکات ئەوەندە خەمی بۆ بخۆی، بەڵکو هەوڵی بۆ بدە. ماوەیەکە دەتەوێت نهێنییەك بۆ هاوڕێکەت باس بکەیت و وا هەست دەکەی هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە کە بیزانێت، ئێستا ئەو نهێنییەی پێ بڵێ، ئەویش نهێنییەکی زۆر گرنگ ئاشکرا دەکات.











## گۆزە

خاوەن بیرۆکەو کاری جوانی، بەڵام زۆرجار بەخت لە دژت دەوەستێت، هەوڵی باشکردنی ژیانت بدە، ئەمەش یارمەتیت دەدات بۆ دەستپێکردنی چەند پرۆژەیەکی گرنگ، لەوانەیە لەسەرەتای هەفتەی داهاتوو هەواڵێکی زۆر گرنگ و خۆشت پێبگات.



## نەهەنگ

وێڕای کێشەکان، بەڵام کەسێکی زیرەك و لێهاتووی و دەتوانی کێشەکانت بەئاسانی چارەسەر بکەیت، مەرج نییە هەموو هاوڕێیەك هاوڕێی ڕاستەقینە بێت، ئەگەر سەرکەوتنت بەدەست نەهێنا، واز مەهێنە و بەردەوام بە تاکو پێی دەگەیت، زیاتر خۆشەویستی بە کەسی بەرامبەرت ببەخشە.



## شایان

مەهێڵە کەسانی دەوروبەرت دەستکاری ژیان و بڕیارەکانت بکەن. ئەگەر دەتەوێت سەرجەم شتەکان لەبەرژەوەندی تۆدا بن، دەبێت زیاتر هەوڵ بدەیت، لەبەر ئەوەی ناکرێت بەم شێوەیە و بە ئاسانی سەرجەم خەونەکانت بهێنیتەدی، ئەوە پێویستی بە هەوڵدانی زیاتر هەیە.




## دووپشک

ئەوەی مەبەستتە لەئێستادا ئەنجامی بدە، هەوڵەکانت جێگەی خۆیان دەگرن و تۆش ئاسوودە دەبیت، ئێستاش هیوا هەیە بۆ ئاساییبوونەوەی پێوەندی نێوان خۆت و هاوڕێکەت، ئەویش ئارەزوو دەکات قسەت لەگەڵ بکات، دەتوانن زیاتر لەجاران پێوەندیی نێوانتان بەهێز بکەن.



## کەوان

شایستەی لەوە زیاتری تا پێگە و کارەکانت بە جوانی بەڕێ بکەیت، بۆیە ئازاتربەو مەترسە. چەند گرفتێك دەبنە هۆکاری دڵتەنگی کەسانی خاوەنی ئەم بورجە، بەڵام ناکرێت بێ هیوا بن، لەبەر ئەوەی ئەوەی بەوە ناسراون کە توانایان هەیەو بە ئاسانترین شێوە چارەسەری گرفتەکانیان دەکەن.



## گیسک

هەستێکت بۆ دروست بووە کە زۆربەی کارەکانت شکست دەهێنن، بەڵام بەسەر ئەو هەستەتدا زاڵ بە و هەنگاوەکانت جێبەجێ بکە. وا هەست ئەکەی کەسی بەرامبەر تۆی لەیاد کردووە و وەك جاران تۆی خۆش ناوێت، ئەم هەستە لەبیر بکە، لەبەر ئەوەی خۆشەویستییەکەی کەم نەبۆتەوەو هەر تۆی خۆشدەوێت.